# فلاش میمۆرییەک کۆدی نهێنی لەسەر دادەندرێت




فلاش میمۆری بەڕاستـــ لەم ســـەردەمەدا گەورەترین خزمەتگوزاری لە بواری هەڵگرتن و گواستنەوەی داتاکانی هەیە، بچووکە بە ئاسانی هەڵدەگیردرێت، بەڵام بچووکیی فلاش میمۆری بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆر بە ئاسانیش بزر بێت، بە بزربوون، یان دزرانی فلاش میمۆری گشت داتاکان دەکەونە دەست ئەو کەسەی کە فلاش میمۆرییەکەی گیر دەکەوێت. زۆر پرۆگرام هەن کە ئەگەر لەسەر فلاش میمۆری دابندرێن، دەتوانی کۆدی نهێنی واتە پاسۆورد بدەی بە فلاشەکە.. کۆمپانیای توشیبا بۆ ئەمنییەتی زیاتری فلاش میمۆری بـــە پرۆگرام نەوەســـتاوە فلاش میمۆرییەکی بەرهـــەم هێناوە، کە 11 دوگمەی هەیە و بەهۆی دوگمەکانەوە دەتوانرێ کۆدی لەســـەر دابندرێ. جگە لەوەش ســـێ گلۆپی هەیە بەهۆیەوە دەزاندرێت فلاشـــەکە چەندە داتای لەسەرە. ئەگەر کەسێك کۆدەکە 10 جار بە هەڵە لێبدات گشت زانیارییەکانی ناوەوەی دەسڕێنەوە.



# تەکنەلۆژیا لە سەرووی خەیاڵەوە

ڕەنگە چەند ساڵێك لەمەوبەر بە خەیاڵی کەسدا نەهاتبێت، ڕۆژێك دابێت سابوونی جل شووشتنیش ببێتە دیجیتالی، واتە ئامێرێکی دیجیتالی لە شێوەی سابوون بەبێ ئەوەی کەم بکات یان تێك بچێت جلەکان بشوات، لەوەش گرنگتر بەبێ ئەوەی کە خاوەنەکەی خۆی بە جل شوشتن ماندوو بکات. Dolfi ناوی ئەو ئامێرە دیجیتالییەیە لە شێوەی سابوونە، هەر ئەوەندە بەســـە کە جلە پیسەکان بخەیە ناو تەشتێك ئاوەوە و «دۆلفی» بخەیە ناو تەشتەکە.. ئیدی بەهۆی شەپۆلی سەرووی دەنگ یان بە واتا زانستییەکەی «ئالتراسیونیك» چلك و قرێژی جلەکان لادەبات.

# کاتژمێری زیرەک و ئەنالۆگ پێکەوە



ســـەردەم سەردەمی کاتژمێری هۆشـــمەند و زیرەکە، کۆمپانیاکان لەم مەیدانەدا لە ڕکابەریدان، کۆمپانیای co-nectedevice کە بەرهەمهێنی کاتژمێری هۆشـــمەندی gogitoیە، هەوڵیداوە کاتژمێرە هۆشـــمەندەکەی دوو پرد پێکەوە ببەستێتەوە، هەم کاتژمێری ئەنالۆگی کلاسیکی بێت، هەم کاتژمێرێکی هۆشمەندیش بێت. کاتژمێرەکانی کۆمپانیای ناوبراو وەك کاتژمێری کلاسیکی چرکەژمێر و خولەکژمێری هەیە، بەڵام بەهۆی گلۆپێکی LED پەیامە هاتووەکان، ئیمێلەکان، ئاگادارییە تەندروستییەکان نیشان دەدات. شاشەکەی لەمسی نییە. جیاوازییەکی گرنگ لەنێوان کاتژمێری هۆشـــمەندی ناوبراو کاتژمێرەکانی دیکە ئەوەیە کە پێویســـتی بە شەحنکردنەوە نییە، چونکە بگرە بە باترییەکـــی بچووك چەندین مانگ کار دەکات.




# سۆنی و کامێرای 4K

کۆمپانیای ســۆنی یەکێکە لە کۆمپانیا ناســراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی کامێــرای دیجیتالی، نوێترین کامێرای ناوبــراو کامێرای جۆری x1000Vیە کە توانای فیلم هەڵگرتنەوەی بە روونی 4K هەیە. (4K روونییەکەی بە جۆرێکە کە مرۆڤ هەســت دەکات لە پەنجەرەیەکی روونەوە سەیری دەرەوە بکات). دەکرێ دوای فیلم هەڵگرتنەوە بە هۆی کێبڵی HDMIیەوە راستەوخۆ لە تەلەڤزیۆنێکی 4K نیشان بدرێن. لێنزەکانی کامێرا دەتوانن گۆشەی 170 پلە بۆ سەرەوەش ببینن. کامێراکە بۆ فیلم هەڵگرتن لە فرۆکەوە، یان بە ئۆتۆمبێلێك کە خێراییەکەی زۆر بێت گونجاوە و لەو کاتانەدا کوالیتیشی تێکناچێت.




# ئەمنییەتی ماڵەوە بە کامێرای چاودێری بسپێرە

کامێرای چاودێری لە ســوپەرمارکێت و شــوێنە ئەمنییەکان و ئەو جێگەیانەی پێویستیان بە چاودێری وردە چەند ساڵێکە لە هەرێمدا پەرەی سەندووە، کەچی لە ماڵەوە کەمتر گرنگی پێدراوە. چونکە پێویستی بە دانانی سیستەمێکی تارادەیەك ئاڵۆزە. بەڵام کامێرای جــۆری netatmo کامێرایەکــی بچووکە بە دانانی لە ماڵەوە، توانای ناســینی هەموو ئەندامانی ماڵەوەی هەیە و لەگەڵ مۆبایــل پەیوەند دەدرێ و ئەگەر لە دووری ماڵــەوەش بێ زانیارییــەکان بۆ مۆبایلەکەت دەنێرێ. هەرکەسێك جگە لە ئەندامانی ماڵەوە ببینێ وێنەی دەگرێ، دەکرێ لە شــوێنی کاریش ســەیری ماڵەوە بکەی.

کامێراکە بەشــێوەی فول ئێــچ دی وێنە دەگرێ. فیلمەکان لەسەر میمۆری خەزن دەکات.





# کۆمپیوتەر لە ماوسدا

کۆمپیوتەر ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دیزاین و ستایل و تواناکانی دەگۆڕدرێن، لەمێژە لەسەر مێزەکانی کارکردن کۆمپیوتەر بە شاشەی زەبەلاحەوە نابیندرێن. کۆمپیوتەرەکانیش بچووکتر بوونەتەوە. مۆنیتۆرەکان تەنکتر بوونە. ئەگەر بڵێین ئەم ماوسەی لێرەدا دەبینن کۆمپیوتەرێکی تەواوە، بڕوا دەکەن! بەڵێ ئەمە کۆمپیوتەرێکی تەواوە. کۆمپیوتەرە ماوسەکە کە بە MOUSE-BOX ناسراوە، هەر ئەوەندە بەسە کە کیبۆرد و مۆنیتۆرێکی بۆ دابنێی. خێرایی کۆمپیوتەرە ماوسەکە 1.4 گیگاهێرتزە. سیستەمی وای-فای لەسەرە. جگە لەوە دوو شوێنی USB3 لەسەرە و هاردەکەی 128 گیگابایتە. بەقەد پێشکەوتووترین لاپتۆپی دە ساڵی ڕابردوو توانای هەیە.

# تەندروستی دەروونیت بە ئەنگوستیلە بسپێرە

ئامرازە هۆشمەند و ژیرۆکەکان لە زیادبووندان، کاتژمێری هۆشمەند، مەچەکبەندی زیرەك، ئەنگوستیلەی ژیرۆك...تاد. هەندێك لێدانی دڵ نیشان دەدەن و هەندێك ڕێژەی ئەم کالۆرییەی سووتێندراوە.

ڕکابەرییەکی زۆرە لە نێوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێرە زیرەکەکان، هەندێك لە کۆمپانیاکان چەند هەنگاوێك چوونەتە پێشەوە و هەوڵیان داوە ئامێری هۆشمەند بۆ ئاگادار بوون لە تەندروستی سێکسیش چێ بکەن.



ئەم ئەنگوستیلەیە ئامێرەکە بۆ تێستکردنی SDT کە پەیوەندی بە تەندروستی سێکسیەوە هەیە. ئەگەر کێشەیەك هەبێت لەم بوارەدا داتا و زانیارییەکان بۆ ئەو مۆبایلە بەڕێ دەکات کە پێکەوە پەیوەندیان هەیە. سەرەوەی ئەنگوستیلەکە، دەرزییەکی بچووك هەیە کە دڵۆپێك لە خوێن وەردەگرێ و شیکاری لەسەر دەکات.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك



خوێنەرێك پرسیار دەکات کە چۆن دەکرێت ئەوکاتەی کە شاشەی مۆبایلەکەم دەکوژێتەوە و هێڵی ئینتەرنێتیش نەمێنێت واتە پەیوەندیم نەمێنێ و ئەوکاتە کە هەڵدەبێتەوە هێڵەکە ئۆتۆماتیکی بکرێتەوە؟

خوێنەری بەڕێز، بۆ ئەم مەبەستە لە مۆبایلەکەت سەرەتا بچوو بۆ سەر settings و پاشان بچۆ سەر بەشی network connections و لەسەر more network کلیك بکە. فەرمانی smart network بدۆزەوە و ئەکتیڤی بکە. ئیدی لەمەولا هەرکە شاشەکەت کوژایەوە هێڵەکەش دەکوژێتەوە.



# هەست بە گەرمی پەیامەکان دەکەن!

کورتەپەیامێـك بۆ مۆبایلەکەت دێت، پێـش خوێندنەوەی کورتە پەیامەکە نازانی چ لە پەیامەکەدا هەیە، تورەیـی و بێزاری، یان شـادی و خۆشـی لە پەیامەکـەدا هەیە؟ بەڵام لەمەولا کورتەپەیامەکان هەسـت پێدەکرێن.

کۆمپانیایەکی بـواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی سـەردەم، ئامێرێکی بچووکی بەرهەم هێناوە کە بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێت، ئـەم ئامێرە بەناوی Tactpuck دەکەوێتـە بازاڕەوە. بەهۆی ئەو ئامێـرە بچووکەوە کە وەك بازنە لە دەسـت دەکرێ یان وەك ملوانکە لە مل دەکرێت، هەسـت بەوە دەکەی کورتە پەیامەکـە دەربڕی چ پەیامێکە، بەهۆی لەرزین، رووناکی کەم و زیاد، گەرما و سەرما و تەنانەت بۆنیش هەست بە ناواخنی پەیامەکە دەکەی. بۆ نموونە لە بری "خۆشـم دەوێی"، یان "شـەوباش" بۆنێکی خۆش، یان مۆسیقایەکی شاد، یان گەرماییەك لەو ئامێرە بچووکە بڵاو دەبێتەوە.

# سایبەر پاوەر ستایلی کۆمپیوتەری نوێ رادەگەیەنێ

ئەگەر سەیرێکی وێنەی ئەم کۆمپیۆتەرە بکەن، دەبینن هیـچ وەك کۆمپیوتەرێکی ئاسایی ناچێت، نە وەك لاپتۆپ دەچێت و نەوەك دیسکتۆپ، ئەمە کۆمپیوتەرێکی زۆر بەهێـزی گەیمە کە بە fang triNity ناسراوە و هی کۆمپانیای سایبەر پاوەرە. تایبەتمەندییەکانی کۆمپیوتەرەکـە ئەوانـەن: یەکەی لێکدانـەوە واتە CUPی 4



گیگاهێرتزی ئەنتەلی لەسەرە، مەزەربۆرد گیگابایتی z97mini-itx لەسەرە، بلورەی و پێنج هاردی SSD...تاد. کۆمپیوتەرەکە بۆتە سێ بەش، هەر کام لەو بەشانە چەند پارچەیەکی گرنگی کۆمپیوتەریان لەخۆ گرتووە. کۆمپیوتەرەکە بۆ ئەرکی قورسـی گرافیکی و کاری فیلـم چێکـردن و یاری سـەختی ئەلکترۆنی سوودی لێدەبینرێت.



# سایتێک بۆ ناساندنی هونەری مۆسیقی کلاسیک

**گەر حەز لە مۆسـیقای کلاسیکی جیهان دەکەی، حەز دەکەی بزانی شاکارە بەرهەمە مۆسیقییەکان کەی بڵاو دەبنەوە. دوایین زانیاری لەبارەی کۆنسـێرتی مۆسیقای کلاسیك، فیستیڤاڵەکان، ئۆپێراکان لە شارەکانی جیهاندا کەی بەڕێوە دەچێت. سەردانی سایتیwww.opus1classical.com بکە.**

**دیزاینی سـایتەکە زۆر سـادەیە، تەنیا بە کلیکێك دەتوانی زانیاری پێویسـت بدۆزیەوە. وێنەی جوڵەدار شارەکانی جیهان لە گۆشەی چەپی سایتەکەدان، ستایلێکی جوان بە سایتەکە دەبەخشن. بە کلیك کردن لەسەر هەر وێنەیەك دەتوانی زانیاری لەبارەی کونسێرتەکانی ئەم شارە ئاگادار بی.**